# كۆڤید- ١٩ و كاریگەر لەسەر ئاست و ڕەفتاری بەكارهێنانی تۆڕە كۆمەڵایەتیەكان ڕۆژنامەنوسانی هەرێمی كوردستان بەنموونە

**نەزاكەت حسێن حەمەسەعید**

بەشی ڕاگەیاندن، كۆلیژی زانستە مرۆڤایەتییەكان، زانكۆی سلێمانی، سلێمانی، هەرێمی كوردستان، عێراق.

ئیمەیڵ: nazakat.hamasaeed@univsul.edu.iq

**حەكیم عوسمان حەمید**

بەشی بەبازاڕكردن و پەیوەندییە گشتییەكان، كۆلیژی تەكنیكی كارگێری، زانكۆی پۆلەتەكنیكی سلیمانی، سلێمانی، هەرێمی كوردستان، عێراق.

ئیمەیڵ:hakim.othman@spu.edu.iq

## پوختە:

ئەم توێژینەوەیە توێژینەوەیەكی وەسفی ڕووپێویە كە دەگەڕێت بەدوای ئەوەی كە ئایا ماوەی پەتای كۆرۆناو قەدەغەی هاتوچۆ و وەستانی زۆر لە ئیش وكارەكانی دەرەوەی ماڵ، بە ئۆن لاین بوونی زۆربەی كارەكان بوەتە هۆی زیاتر بەكارهێنانی سۆشیاڵ میدیا زیاتر لە جاران لای رۆژنامەنوسان و ڕەفتاری بەكارهێنانیان،ئایا مەبەست لەبەكارهێنانی سۆشیاڵ میدیا لای رۆژنامەنوسان چیە؟ . لەبەر ئەوەی رۆژنامەنوس هەڵبژێراوە ،چونكە ئەمان زیاتر پێداویستیان بۆ بەكارهێنانی سۆشیاڵ میدیا زۆرترە.داتاكانی توێژینەوەكەش بە فۆرمی ڕاپرسی بە ڕێگەی گشتگیری كە ١٠١ رۆژنامەنوس وەڵامی داوەتەوە، لەهەموو پارێزگاكانی هەرێمی كوردستان و لەهەموو دەزگاكانی ڕاگەیاندنی ئۆن لاین و چاپ كراو پەخش. تاكو بگات بەو دەرەنجامەی كە ئایا رۆژنامەنوسان سۆشیاڵ میدیا بەكاردێنن و جیاوازی ئاست و ڕەفتارو مەبەستی بەكارهێنانیان لە كاتی پەتای كۆرۆناو پێش پەتای كۆرۆنا بزانرێت.

**وشە سەرەكیەكان :** كۆڤیدی ١٩، ڕەفتار ، سۆشیاڵ میدیا ، رۆژنامەنوس.



DOI:https://doi.org/10.26750/Vol(7).No(2).paper30 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol.7. No.2, April.2020

## بەشی یەکەم

### میتۆد نامە:

**ڕێبازی توێژینەوە:** ئەم توێژینەوە پشت دە بەستێت بە ڕێبازی وەسفی ڕوپێوی

ئامرازەکانی توێژینەوە :فۆرمی ڕاپرسی

کۆمەڵگەی تویژینەوەکە: رۆژنامەنوسانی هەرێمی کوردستان

**سامپڵی تویژینەوەکە:** ١٠١ رۆژنامەنوس لەهەموو پارێزگاکانی هەرێمی کوردستان

**کێشەی توێژینەوە:** کێشەی ئەم توێژینەوە لەوەدایە کە بەدوای ئەوەدا دەگەڕێت کە ئایا کۆڤید ١٩ و سەردەمی ئەم پەتایە کە جیهانی بەرەو ئۆن لاین بردوە ، جۆرەکانی سۆشیاڵ میدیا کە جیهانی ئۆن لاینیان قۆرخ کردوە ،بەکارهێنەرەکانیان هیچ جیاوازیەک لە ئاست و ڕەفتاری بەکارهێنانیان دروست بوە لە پێش و دوای هاتنی پەتای کۆرۆنا ،زانیاریەکان لەسەر کۆڤیدی ١٩ کاریگەری کردوەتە سەر ئاستی بەکارهێنانی سۆشیاڵ میدیا لای رۆژنامەنوسان کە چینێکی زیندووی کۆمەڵگەن و ە ئایا رۆژنامەنوسان بەزۆری بۆ ج مەبەستێک سۆشیاڵ میدیا بەکاردێنن .

**گرفتەکانی توێژینەوە:** گرفتی ئەم توێژینەوە لەوەدایە کە بەهۆی نوێیی بابەتی کۆڤیدی ١٩ و ئەم پەتایە هیچ توێژینەوەیەکی پێشووتر بەزمانی کوردی یان سەرچاوە نەبوو کە بەکاری بهێنێت ،تەنها ژمارەیەک بابەتی ماڵپەڕە جیهانیەکان وتارەکان نەبێت لەگەڵ هەندێک ڕاپرسی و تویژینەوەی سادە نەبێت کە پشتی پێ ببەستێت.


DOI:https://doi.org/10.26750/Vol(7).No(2).paper30 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol.7. No.2, April.2020

**بایەخی توێژینەوە :بایەخی ئەم توێژینەوەیە لەوەدایە:**

١-توێژینەوەیەکە لە دیاردەیەکی نوێ لەساتی سەرهەڵدانی دیاردەکە کە کۆڤیدی ١٩ یە دەکۆڵێتەوە وبابەتێکی نوێیە

٢-دەبێتە بنەمایەک بۆ توێژینەوەی زیاتر لەم بوراەدا

٣-لە پەیوەندی نێوان دیاردەکان ،رووداوەکان کەبەسەر مرۆڤدا دێت و بەکارهێنانی سۆشیاڵ میدیا دەکۆڵێتەوە

ئامانجی توێژینەوە:ئەم توێژینەوەیە مەبەستیەتی بزانێت:

١-زانینی ئەوەی کە ڕۆژنامەنوسان بەزۆری بۆ چ مەبەستێک سۆشیاڵ میدیا بەکاردێنن.

٢-پەتای کۆڤید ١٩ کاریگەری کردوەتە سەر ئاستی بەکارهێنانی سۆشیاڵ میدیا لای رۆژنامەنوسان.

٣-پەتای کۆڤید ١٩ کاریگەری کردوەتە سەر ڕەفتار و هۆکاری بەکارهێنانی سۆشیاڵ میدیا لای رۆژنامەنوسان بە بەراورد بە پێش هاتنی ئەم پەتایە

**پرسیارەکانی توێژینەوە:**

١-ئایا ڕۆژنامەنوسان بەزۆری بۆ چ مەبەستێک سۆشیاڵ میدیا بەکاردێنن؟

٢-تاچەندە پەتای کۆڤید ١٩ کاریگەری کردوەتە سەر ڕێژەو ئاستی بەکارهێنانی سۆشیاڵ میدیا لای رۆژنامەنوسان؟

٣-تاچەندە پەتای کۆڤید ١٩ کاریگەری کردوەتە سەر ڕەفتارو هۆکاری بەکارهێنانی سۆشیاڵ میدیا لای رۆژنامەنوسان بەبەراورد بە پێش هاتنی ئەم پەتایە ؟


DOI:https://doi.org/10.26750/Vol(7).No(2).paper30 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol.7. No.2, April.2020

**چەمک و زاراوەکان** :

-کۆڤیدی ۱۹: نەخۆشیەکی هەوکردنە، کەبەهۆی ڤایرۆسی کۆرۆنای ۲ ی(2-SARS-CoV) کە بۆیەکەم جار لە مانگی ۱۲ ساڵی ۲۰۱۹ لە شاری وهان سەریهەڵداو لەماوەی چەند مانگی ڕابردوودا زۆربەی وڵاتانی جیهانی گرتەوە و تا ئێستا نزیک بوەتەوە لە گیان لەدەست دانی ملیۆنێک مرۆڤ و توشبوونی ملیۆنانی تر و پەکخستنی زۆربەی جومگەو سێکتەرکانی ژیانی مرۆڤایەتی وشارستانیەتەکان.(Said Nadeem ,2020.p.7)

ڕەفتار: کە لێرەدا مەسەت لێی ڕەفتاری میدیایە، بریتیە لەو شێوازە ڕەفتارەی کە بەکارهێنەران لەگەڵ میدیا دەیکەن، هەروەک د.نەزاکەت حسێن لە کتێبی سۆسۆلۆژیای ڕاگەیاندن باس لە هەردوو چەمکی رەفتاری میدیای و هەڵسوکەوتی میدیای دەکات بەوەی"هەڵسوکەوتی میدیایی ئەو هەڵسوکەوتانەیە کە بەهۆی کاریگەری میدیایەوە فێری دەبین"هەرچی رەفتاری میدیایشە بەوە پێناسەدەکات کە بریتیەلە"ئەو ڕەفتارانەی کە بەکارهێنەرانی میدیاو وەرگر لەگەڵ میدیا دەیکەن ،کە لەکەسێکەوە بۆ کەسێکی تر جیاوازە ،نمونەی وەک ئەوەی میدیاچۆن بەکاردێنن،بۆچی بەکاری دێنن،چۆن بەکاری دێنن، چەند و لەکەیدا بەکاری دێنن...هتد کەئەمانەش لەکەسێکەوە بۆ کەسێکی تر جیاوازە ،کە بارودۆخی بایۆگرافی، سۆسیۆگرافی،جیۆگرافی کەسەکان دیاری دەکات." (د.نەزاکەت حسێن، ۲۰۱۹ ،ل. ۸۷).

سۆشیاڵ میدیا : فەرهەنگی میرام وێبستر Mirram Webster پێناسەی سۆشیاڵ میدیا دەکات بەوەی شێوەیەک "فۆرمێ" لە پەیوەندی'کۆمینیکەیشن' ی ئەلەکترۆنی وەک'ماڵپەڕەکانی ئینتەرنێت'کەلەڕێگایەوە بەکارهێنەران لەکۆمەڵگایەکی ئەلەکترۆنیدا زانیاری و بیروبۆچون وپەیامە کەسیەکان وشتی دیکەی وەک ڤیدیۆو وێنەو و دەنگ و نوسین بڵاودەکەنەوەو دەیگۆرنەوە.

رۆژنامەنوس :ئەو کەسەیە کە زانیاری کۆدەکاتەوە، دایدەرێژێت و لەیەکێک لە دەزگاکانی راگەیاندن بڵاوی دەکاتەوە بێگومان بۆ دەزگایەکی نوسراو بینراو یاخوود بیستراو دەگۆڕێت کارەکانی کە دەنگ یان رەنگ یان نوسین ئامادەکات و بڵاوی دەکاتەوە . (Barbie Zelizer ,2015.p.67)

یاخوود ئەو کەسەیە کە ئەرکی بڵاوکردنەوەی هەواڵ و زانیاری و ئاشناکردنی چین و توێژەکانی کۆمەڵگەیە بە دەورو بەری خۆیان، هە رلە چوارچێوەی ئەرکی رۆژنامەنوسیدا.


DOI:https://doi.org/10.26750/Vol(7).No(2).paper30 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol.7. No.2, April.2020

**توێژینەوەكانی پێشوو:**

Anneliese D،-Emilie K., Raman P., Annelies W., Heidi L.-. توێژینەوەیەكی هاوبەشیان كردوە لەسەر "The pandemic of social media panic travels faster than the COVID-19 outbreak" باسی ئەوەدەكەن كە زانیاریە تۆقێنەرەكان لە سۆشیاڵ میدیا خێراتربڵاودەبێتەوە لە تۆقێنەرەكانی كۆڤیدی ١٩ لای هاوڵاتیان ،كە نموونەی ئەو ترس و تۆقاندنە دەكات لای هاوڵاتیانی سین لەكاتی پەتای كۆڤید ١٩ سۆشیاڵ میدیا كردی، بەهۆی ئەو زانیاریە زۆرو ترسێنەرانەی بڵاوی دەكردەو ە، زۆربوونی رێژەی بەكارهێنانی لای هاوڵاتیان بۆ وەرگرتنی زانیاری لەسەر پەتاكە.

–Alex Gevers– توێژینەوەیەكی كردوە لەسەر " Coronavirus pandemic and online behavioural shifts " كەباسی ئەوەدەكات چۆن ڤایرۆسی كۆرۆنا گۆڕانكاری كرد لە ڕەفتاری بەكارهێنەرەكانی ، لە پێشدا ئامانجەكان زیاتر بۆ پەیوەندیە كەسیەكان بوون، دواتر بە زۆری ئەنجامەكانی توێژینەوەكەی پێ ی گەیشتوە زۆرترین ئامانج لە بەكارهێنانی سۆشیاڵ میدیا لای بەكارهێنەرەكان بوە بە دوای زانیاری گەڕان بۆ هەواڵەكانی تایبەت بە پەتای كۆرۆناو پەیوەندی بە خزم و كەس و كارەكانیان كە لێیان دابڕاون، لەبەرامبەردا بەكارهێنانی سۆشیاڵ میدیا بۆ پێدوایستیەكانی وەک گەشت و برینی بلیتی فرۆكەو دەست خستنی ڤیزەو... هتد كەم بونەتەوە بە ئاستێكی باش بەبەراورد بە پێش كۆرۆنا.

Amy Watson, Mar– 30, 2020 توێژینەوەیەكی كردوە لەسەر Consuming media at home due to the coronavirus worldwide 2020, by country بەكارهێنانی میدیا لەماڵەوە لە وڵاتدا،باسی ئەوەدەكات كە چۆن كۆرۆنا ڤایرۆس بوەتە هۆی زیادبوونی ئاستی بەكارهێنانی میدیا لەماڵەوە،لەكاتیكدا ١٨% وەڵامیان داوەتە گوێ لەڕادیۆ دەگرن ،لە٣٥% ئاماژەیان بەوە كردوە كە خەریكی خوێندنەوەی پەرتووک و رۆمانن ،لەكاتێكدا لە٤٠% كەبەرزترین رێژەی وەڵامدەرانەوەكان بوو ئاماژەیان بەوەدابوو كە بەكارهێنەری سۆشیاڵ میدیان و كاتەكانی خۆیان لەوێدا بەسەردەبەن و زانیاری دەست دەخەن .


DOI:https://doi.org/10.26750/Vol(7).No(2).paper30 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol.7. No.2, April.2020

James Seligman لە مانگی ئازاری ئەمساڵ توێژینەوەیەکی کردوە لەسەر MARKETING AND RESPONSE TO"THE COVID 19 VIRUS " واتە بازارگەری و وەڵام دانەوەی بۆ پەتای کۆڤید ١٩ ،باسی ئەوەدەکات و دەڵێت گومانی تێدانیە کە ڤایرۆسی کۆرۆنا تراژیدیایەکی مرۆڤایەتی بوو ،کاریگەری کردە سەر ژیانی ئابوری و کۆمەڵایەتی بەشێکی زۆر دانیشتوانی جیهان ،ئەو وڵاتانەی کە کەوتنە جەنگ لەگەڵ ئەم ڤایرۆسە بۆ وەستاندنی و دۆزینەوەی چارەسەر ،کاریگەری کردە سەر بازارو پرۆسەی بازارگەری و رەواج دان بە بەرهەمەکان لەبەر کۆمەڵێک هۆکار لەوانە:

١-دابڕانی خەڵک و مانەوەیان لەماڵەکان

٢-کەم بونەوەی داهاتی خەڵک بەهۆی قەیرانی ئابوری کە پەتای کۆڤید ١٩ دروستی کرد

٣-خواستی خەڵک بۆ کڕینی بەرهەمێکی دیاری کراو فەرامۆش کردنی زۆر بەرهەم وکاڵای تر

٤- نەکڕینی شت و مەک و کەلوپەل لەترسی بڵاوبونەوەی ڤایرۆسەکە

٥-کەم بونەوەی جوڵەی مرۆڤەکان

٦- ترس لە مردن


DOI:https://doi.org/10.26750/Vol(7).No(2).paper30 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol.7. No.2, April.2020

## بەشی دووەم

## لایەنی تیۆری توێژینەوەکە

### سۆشیاڵ میدیاو ئامانجەکانی بەکارهێنانی:

Social Media Marketing"" لە کتێبە هاوبەشەکەیان .N., Vipin K. Dadwal, Sumesh, S. Firdous, A ئاماژەیان بەوە کردوە کە گەشەی تەکنەلۆجیا کاری کردوەتە سەر هەموو بوارەکانی ژیان ، سەرهەڵدانی تەکنەلۆجیای ئۆن لاینیش لەبواری بازاڕسازیدا شۆڕشی کرد لەسەرتاسەری جیهاندا. لەمڕۆدا کێبرکێیەکی گەورە هەیە و هەلی ڕەخساندوە بۆ بازاڕەکان، بەکاربەران کە بڕیاربدەن لەسەر باشترین کاڵاو خزمەتگوزاری لە ڕێگەی ئۆن لاینەوە. سۆشیاڵ میدیا کە ئەم نوسەرانە پێناسەیان کردوە بەوەی" ئەو ناوەڕۆکە ئۆن لایەنانە دەگرێتەوە کە لەلایەن خەڵکانی جۆراوجۆرەوە بەرهەم دێن کە ئینتەرنێت کراوەیە لەبەردەستیان و بەئاسانی داخڵ دەبن پێی"(٢٠١٨،ل.١٨)

لەمڕۆدا سۆشیاڵ میدیا نەک تەنها ڕۆڵی گواستەنوەی زانیاری و کات بەسەر بردن و پەیوەندی کۆمەڵایەتیە بەڵکو بوەتە ئەو سەکۆیەی کە خاوەن کاڵاو بەرهەم و بازاڕەکان، بە شێوەیەکی فراوان بەکاری دێنن بۆ بازاڕسازی و گەشەپێدانی بەرهەم و خزمەت و پرۆژەکانیان.

بە گوێرەی تویژینەوەیەکی مریم نریمان نومار,٢٠١٢ لە ژێر ناونیشانی ' استخدام مواقع الشبكات الاجتماعية وتأثيره في العلاقات الاجتماعية دراسة عينة من مستخدمي موقع الفايسبوك في الجزائر'

باسی ڕۆڵ وگرنگی سۆشیاڵ میدیا دەکات لە بواری بازارسازیدا بە ئاماژەکردن بۆ ژمارەیەک داتا لەوانە : ( مریم نریمان نومار،ل.٢٠)

١-لە ٣٦% ئەو بەکاربەرانەی کە لە ڕێگەی ئۆن لاینەوە پرسیار ئاراستەی خاوەن کاڵاو و فرۆشیارەکان دەکەن دەڵین وەڵامەکانمان بە خێرایی و بەجوانی دەست دەکەوێت و گرفتەکانمان چارەسەردەبێت.

٢-لە٢٠% بۆ لە٤٠% ی کۆمپانیاو بازاڕەکان سۆشیاڵ میدیا بەکاردێنن بۆ فرۆشتن و وەرگرتنی ڕاوبۆچوونی بەکاربەرەکانیان.



DOI:https://doi.org/10.26750/Vol(7).No(2).paper30 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol.7. No.2, April.2020

٣-لە٧١% ئەو بەکاربەرانەی کە سۆشیاڵ میدیا بەکاردێنن بۆ پرسیارو داواکانیان لە بازاڕ، ڕاسپاردەی بەکاربەرانی تر دەکەن بۆ بەکارهێنانی ئەم ڕێگایە بۆ گەیشتن بە خزمەتگوازاری و کاڵاکان بە ئاسانی و سەرکەوتویی.

٤-لە٤٣% بەکاربەران ڕایان وایە کە وەڵامی ڕاستەوخۆ لەلایەن خاوەن کاڵاوبەرهەمەکان بۆ بەکاربەران ،باشترین ڕێگایە کە بەکاربەر دەگەیەنێتە ڕەزامەندی و لەهەمان کاتدا لە ٣١% پێیان وایە بەکار هێنانی سۆشیاڵ میدیا باشترین ڕێگەیە بۆ گەیشتن بە خاوەن بەرهەمەکان و پسپۆڕان و وەڵام دانەوەی داواکاریەکانیان.

٥-لە ٨٦% کڕیاران دڵخۆشن بەوەی کە گوێ بیستی وەڵامەکانی خاوەن کاڵاو بەرهەمەکان دەبن لە ڕێگەی سۆشیاڵ میدیاوە.

جگە لەوەی دروست کردنی پەیوەندیەکی کۆمەڵایەتی و هاوکاری کردنی بەکاربەر لەهەر شوێنێک هەیە .

Ahmed, R, I لە کتێبی "Social Media Marketing"ساڵی ٢٠١١ دابەشی سۆشیاڵ میدیا دەکات بۆ سێ پێک هاتە لەوانە:

١Publishing Technology for Everyone- : بڵاوکردنەوەی تەکنەلۆجیا بۆ هەموو کەسێک

لەبەر ئەوەی سۆشیاڵ میدیا ئۆن لاینە ، بۆ یە هەموو کەس بە ئازادی دەتوانێت بە بوونی ئامێرێکی تەکنەلۆجیاو ئەکاونتێک لەهەر جۆرێکی سۆشیاڵ میدیا ،بە بێ سانسۆرو ڕێگری بەکاری بهێنیت ، وەک شوێنێکی فیزیکی نیە کە لەبەردەم خەڵکانێک کراوە بێت و لەبەردەم خەڵکانێکی تر داخراو کەنەتوانێت بچێتە ناوی.

٢Information Diffusion- " بڵاوکردنەوەی زانیاری ،ئەو هێزو خێرایی و بڕەی کە سۆشیاڵ میدیا هەیەتی و دەیکات لە بڵاوکردنەوەی زانیاری تا ئێستا هیچ کام لەئامرازەکانی تری ڕاگەیاندن نەیکردوە و ناتوانێت بیکات.

٣Relationship Building- بونیات نانی پەیوەندی کردن ،سۆشیاڵ میدیا بوەتە ناوەندێکی کاریگەر بۆ دروست کردنی پەیوەندی کردنی تاکەکان و شوێنەکان بەیەکەوەو ناردنی زانیاری و بەرهەم هێنانی بیرۆکە ،لە سەرتاسەری جیهان سۆشیاڵ میدیا تاکەکانی بەستوە بەیەکەوە ئۆن لاین.


DOI:https://doi.org/10.26750/Vol(7).No(2).paper30 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol.7. No.2, April.2020

**پاری دووەم**

## بەکارهێنانی تۆری کۆمەڵایەتی لەسەردەمی ڤایرۆسی کۆرۆنادا:

Alex Gevers لە بابەتەکەیدا لەسەر' Coronavirus pandemic and online behavioural shifts' باسی خێرایی ڕاکێشانی سەرنجی خەڵک دەکات بۆ زانیاریەکان لەسەر پەتای کۆرۆنا و سەردانی خەڵک بۆ ماڵپەرەکان و تۆرەکۆمەڵایەتیەکان لەماوەی بڵاوبونەوەی پەتاکەو خێرایی بەرزبونەوەی ئاستی بەکارهێنەرانی تۆڕەکۆمەڵایەتەکان، دەڵێت" لەماوەی ١٥ هەفتەی ڕابردوو ئەگەر بەراوردی نیوان مانگی ١٢ ی ٢٠١٩ بۆ مانگی ٣ ی ٢٠٢٠ بکەین بەکارهێنەرانی تۆڕەکۆمەڵایەتیەکان لە هەندێکی ولاتان ئەوروپی وەک لە فەرنسا بە ڕێژەی لە %٥٠ و لە ئەڵمانیا بەرێژەی لە%٢٩ و ئیتالیا بە ڕیژەی لە%١٤٢ وله ئیسپانیا لە%٧٤ وله بەریتانیا لە %٤٤ رێژەی سەردان وبەکارهێنانی تۆڕەکۆمەڵایەتیەکان بەرزبوەتەوە ،بەهۆی گەڕان و زانینیان بۆ هەواڵەکان تایبەت بە ڤایرۆسی کۆرنا." هەمان سەرچاوە ئاماژە دەکات بە بەرزبونەوەی سەردانی ماڵپەرە گشتیە ئۆن لاینەکان لە بەرواری ٣٠-١٢-٢٠٢٠ بۆ ١٥-٣-٢٠٢٠ کە بەرێژەی ١٠ هێندە بەرزبوەتەوە لە وڵاتە یەکگرتوەکانی ئەمەریکا بە پلەی یەکەم و ئیسپانیا بەپلەی دوەم ،ئەڵمانیا بە پلەی سێیەم و ئیتالیا بە پلەی چوارەم.")٢٠٢٠،ل.٥(

بە گوێرەی دەرەنجامی دوو توێژینەوە کە ناوەندی IZEA Worldwide کردویەتی باوەڕیان وایە کە بەکارهینەرانی سۆشیاڵ میدیا لە %٦٦ خولیای بەکارهێنانیان زیادی کردوە بۆ بینینی بۆنەکان ئۆن لاین، لە ماوەی پەتای کۆرۆنا کاتێک لەماڵەوە ماونەتەوە وناچنە دەرەوە لەترسی توش بون بە ڤایرۆسی کۆرۆنا ،لە%٦٤ پێیان وابوە بەکارهێنانی یو تیوب زیاد بوە لایان، تەنها لە%٢ پێیان وایە کەمی کردوە،لە%٦٣ پێیان وابوە کە بەکارهێنانی فەیسبوکیان زیادی کردوە تەنها لە%٢ پێیان وابوە کەمی کردوە " (GlobeNewswire،٢٠٢٠)

2020, Joele Fforrester لە توێژینەوەیەکیدا بە ناونیشانی How Coronaviruses Will Change User's Social Media Habits ئاماژە بەوە دەکات کە دەرەنجامی ڕاپرسیەکەی گەشتوە بەوەی لە %٦٤ ڕایان وابوە کە بەکارهێنانی یوتیوب بەرزبوەتەوە لایان ولە %٦٣ بەکارهێنانی فەیسبوک و لە %٤٣ بەکارهێنانی ئینستاگرام لایان


DOI:https://doi.org/10.26750/Vol(7).No(2).paper30 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol.7. No.2, April.2020

بەرزبوەتەوە ,لەبارەی كڕینی شت ئۆن لاین لە%٩٩ یان پێیان وابوە كە بەهۆی ئەوەی لەماڵەوەن خولیایان بۆ كرینی شت بەرێگەی ئۆن لاین هەیە ."

سەبارت بە ماوەو كاتژمێرو ڕێژەكانی بەكارهێنانی تۆری كۆمەڵایەتی بەگوێرەی داتایەكی BusinessToday.In كە ڕاپرسیەكی لەنیوان هاولاتیانی هیندستان كردوە ،دەرەكەوتوە پێش كەرەنتینەو چونەوە ماڵ بەرزترین رێژەی كاتی بەكارهێنانی ١٥٠ خولەک بوە و بەلام لەبەراوردی نێوان ٣٠ مانگی ١٢ ی ٢٠١٩ بۆ ٩ مانگی ٣ ی ٢٠٢٠ بوە بە ٢٨٠ خولەک بە تێكڕای بەكارهێنانی تۆری كۆمەڵایەتی "2020 ) .(BusinessToday.In).

لە بارەی ئەوجۆرانەی بەكارهێنان كە كەمی كردوە Alex Gevers لە ڕاپرسیەكەیدا گەشتوە بەوەی كە بەكارهێنانی تۆری كۆمەڵایەتی بۆ مەبەستی پێداویستیەكانی گەشت كردن هەر لەدەستخستنی ڤیزەو بڕینی بلیتی فرۆكەو گرنتی ئوتێل و دۆزینەوەی شوێنە گەشتیاریەكان كەمی كردوە لە بەرواری ٣٠ ی ١٢ ی ٢٠١٩ ب٠ ٩ ی ٣ ی ٢٠٢٠ بەرێژەی لە%٧ لەفەرنساو لە %٣٦ لە ئەڵمانیاو لە %٦٧ لە ئیتالیاو لە %١٨ لە ئیسپانیاو لە %٢٣ لە بەریتانیا ." 2020) (

Bryan Segal لەبارەی گۆڕانی خولیاو هۆكاری بەكارهێنان بۆ تۆری كۆمەڵایەتی لەكەندا تویژینەوەیكی كردوە لەسەر

"Coronavirus Crisis is Dramatically Impacting Digital Media Consumption in Canada بەمانای 'ڤایرۆسی كۆرۆنا بەشێوەیەكی دراماتیكی كاریگەری كردە سەر بەكارهێنانی میدیای دیجیتاڵی لە كەنەدا' كە چۆن لە پێش هاتنی كۆرۆنا و دوای كۆرۆنا هۆكاری بەكارههێنان گۆڕاوە وەک بەرێژەیەكی زۆر بەرز كەنەدیەكان تۆڕی كۆمەڵایەتی بەكاردێنن بۆ زانینی هەواڵ لە پێش هەموو شتەكانی ترەوە ،وە بە پلەی دوەم بۆ پەیوەندی لەگەڵ كۆمەڵگەكەیان لە رێگەی نامە و گروپەكانی ناو تۆڕەكۆمەڵایەتیەكانەوە،بە پلەی سێیەم بۆ كات بەسەربردن و شتە كۆمیدی و میوزیک ، هەروەها ماڵپەڕە فەرمیەكانی حكومەتیش ئاستی بەكارهێنانیان بەرزبوەتەوە بۆ زانینی بڕیار و زانیاریەكانی دەزگا حكومیەكان،زانینی هەواڵی دارایی و وەبەرهێنان و و بۆ پارەدان پلەی كۆتایی بەكارهێنانی تۆری كۆمەڵایەتی بوە."

زیاتر لەوەش ،بە پێی ڕاپرسیەكی ناوەندی Digital Information World لەبارەی گۆڕانی جۆری ئەو فۆرمانەی تۆڕی كۆمەڵایەتی ،لە%٦٤ ی بەكارهێنەرانی یوتیوب پێیان وایە كە دوركەوتونەتەوە لە بەكارهێنانی هەر ماڵپەڕێكی



DOI:https://doi.org/10.26750/Vol(7).No(2).paper30 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol.7. No.2, April.2020

تر بەڕێژەیەکی زۆر و زیاتر خولیایان بۆ بەکارهێنانی یوتیوب هەیە. هەر بە پێی هەمان ڕاپۆرت وەڵامدەرەوانەی ڕاپرسیەکەی بەڕێژەی ٤٠ هێندە زیاتر واتساب بەکاردێنن لەکاتی کۆرۆنا ڤایرۆس وەک لە پێش هاتنی ئەو پەتایە."


## بەشی سێیەم

## لایەنی مەیدانی توێژینەوەکە

## -شیکردنەوەی ئەنجامەکان

## -ئەنجام و ڕاسپاردەکان

هێڵکاری -١-ڕێژەی وەڵامەکان بە پێی ڕەگەزی بەشداربووان





خشتەی ژمارە ١ تایبەت بە رەگەزی بەرتوێژەکان

| | دووبارەبونەوە | ڕێژەی سەدی |
|---|---|---|
| نێر | ٣٧ | %٦٣,٤ |
| مێ | ٦٤ | %٣٦,٦ |
| کۆ | ١٠١ | %١٠٠ |


DOI:https://doi.org/10.26750/Vol(7).No(2).paper30 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol.7. No.2, April.2020

بەپێی ئەم هێڵکاریە هەردوو ڕەگەز بەشێوەیەکی باش بەشداریان لە وەڵامەکان کردوە،ڕەگەزی نێر ڕێژەکەی بەرزترە کە لە%٦٣,٤ بەرامبەر ڕەگەزی مێ کە ڕێژەکەی لە%٣٦,٦ ،ئەمەش گرنگە بۆ توێژینەوەکە کە هەردوو ڕەگەز بەوڕێژەیە وەڵامیان داوەتەوە،کەمی ڕێژەی مێ دەگەڕێتەوە بۆ واقیعی ژینگەی ڕۆژنامەنگەری هەرێمی کوردستان کە ڕەگەزی مێ کەمترن لە ڕەگەزی نێر کە کاری ڕۆژنامەنوسی دەکەن.

**هێڵکاری -٢- ڕێژەی وەڵامەکان بە پێی تەمەن**




**خشتەی ژمارە ٢ تایبەت بە تەمەنی بەرتوێژەکان**


| ئاستەکانی تەمەن | دووبارەبونەوە | ڕێژەی سەدی |
|---|---|---|
| ٢٠-٣٠ | ٢٩ | %٢٨,٧ |
| ٣٠-٤٠ | ٤٨ | %٤٧,٥ |
| ٤٠-٥٠ | ٢٢ | %٢١,٨ |
| ٥٠-٦٠ | ٢ | %٢ |
| کۆ | ١٠١ | %١٠٠ |

بە پێی ئەم هێڵکاریە تەمەنەکانی بەشداربووی ڕاپرسیەکە لە تەمەنی ٢٠ساڵیەوە بۆ تەمەنی ٦٠ ساڵیە، بەڵام تەمەنی نێوان ٣٠-٤٠ بەرزترین ڕێژەیە کە لە%٤٧,٥ و بەدوایدا تەمەنی ٢٠-٣٠ کە لە%٢٨,٧ ودوای ئەویش تەمەنی ٤٠-٥٠


DOI:https://doi.org/10.26750/Vol(7).No(2).paper30 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol.7. No.2, April.2020

بەڕێژەی لە ٢١,٨% وکەمترین تەمەنیش تەمەنی ٥٠–٦٠ ساڵیە ،کەئەمەش هەر واقعە کە ئەو تەمەنە کەمترن کاری ڕۆژنامەنوسی بکەن لەهەرێمی کوردستان و بەکارهێنەری میدیای ئۆن لاین بن.

**هێڵکاری -٣-ڕێژەی وەڵامەکان بەپێی جۆری دەزگا ڕاگەیاندنەکە کاری تێدادەکات**





**خشتەی ژمارە ٣ تایبەت بە شوێنکاری بەرتوێژەکان**

| جۆری دەزگای راگەیاندن | دووبارەبونەوە | ڕێژەی سەدی |
|---|---|---|
| تەلەفیزیۆن | ٤٩ | %٣٦,٣ |
| رادیۆ | ٢١ | %١٥,٦ |
| ڕۆژنامە | ١٦ | %١١,٩ |
| سایتی ئەلکترۆنی | ١٣ | %٩,٧ |
| ماڵپەڕی کۆمەلایەتی | ٣٦ | %٢٦,٦ |
| کۆ | ١٣٥ | %١٠٠ |

ئەنجامەکانی هێڵکاریە پیشانی دەدات کە ڕۆژنامەنوسەکانی هەموو جۆرەکانی دەزگا ڕاگەیاندنەکان بەشداریان کردوە بە ڕێژەی بەرچاو کەبەرزترینیان تەلەفزیۆنە و کەمترینیشیان ماڵپەڕەئەلەکترۆنیەکانن.


DOI:https://doi.org/10.26750/Vol(7).No(2).paper30 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol.7. No.2, April.2020

هێڵکاری -٤- ڕێژەی وەڵامەکان بە پێی ئاستی خوێندەواری





خشتەی ژمارە ٤ تایبەت بە ئاستی خوێندەواری بەرتوێژەکان

| ئاستی خوێندەواری | دووبارەبونەوە | ڕێژەی سەدی |
|---|---|---|
| سەرەتایی | ٠ | %٠ |
| ناوەندی | ٠ | %٠ |
| دواناوەندی | ٢٢ | %٢١,٨ |
| دبلۆم | ٧ | ٦,٩ |
| بەکالۆریۆس | ٦٣ | %٦٢,٤ |
| ماستەر | ٩ | ٨,٩ |
| دکتۆرا | ٠ | %٠ |
| کۆ | ١٠١ | %١٠٠ |


DOI:https://doi.org/10.26750/Vol(7).No(2).paper30 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol.7. No.2, April.2020

زانیاریەکانی ئەم خشتەیە پیشانی دەدات کە ئاستی خوێندەواری رۆژنامەنوسەکان باشەو بەرزترین ڕێژە بەکالۆریۆس کە٦٢,٤% ودواناوەندی پلەی دووەم، کە٢١,٨%  ودوای ئەوانیش ئاستەکانی تر ڕێژەیەکی زۆرکەمیان هەیە .

**هێڵکاری -٥- ڕێژەی وەڵامەکان بە پێی بروانامە لەبواری ڕاگەیاندن**




**خشتەی ژمارە ٥ تایبەت بە بروانامەی بواری رۆژنامەگەری**


**بەرتوێژەکان**

| بروانامەی بواری رۆژنامەگەری | دووبارەبونەوە | ڕێژەی سەدی |
|---|---|---|
| هیچ کام | ٣٨ | %٣٤,٢ |
| سەرو بەکالۆریۆس | ١٠ | %٩ |
| بەکالۆریۆس | ٣٨ | %٣٤,٢ |
| دبلۆم | ٢٥ | %٢٢,٦ |
| کۆ | ١١١ | %١٠٠ |


DOI:https://doi.org/10.26750/Vol(7).No(2).paper30 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol.7. No.2, April.2020

ئەم هێڵکاریە دەری دەخات کەبەشێکی زۆری ڕۆژنامەنوسەکان بڕوانامەیان لەبواری ڕاگەیاندن هەیە،کەبەرزترینیان بەکالۆریۆسە و دبلۆم و سەروو بەکالۆریۆسیش ڕێژەیان هەیەو لەکاتێکدا نەبوونی هیچ کام لەم بڕوانامەنە ڕێژەی دوەمی وەڵامەکانە،ئەمەش واقعە کە کاری ڕۆژنامەنوسی لەم هەرێمەدا پێش بڕوانامە بە ئەزموون بوەو ئێستاش ڕێژەی یەکسانی ڕۆژنامەنوسەکان بەرامبەر بوونی بڕوانامە لەکاری ڕاگەیاندن ،بە ئەزموونی کاری ڕۆژنامەنوسی دەکەن و ڕەنگە هەڵگری بڕوانامەی بواری تر بن.

## هێڵکاری -٦- ڕێژەی وەڵامەکان بە پێی بەشداری خولی ڕاگەیاندن




## خشتەی ژمارە ٦ تایبەت بەشداری لە خولی ڕاگەیاندنی


## بەرتوێژەکان

| ڕێژەی سەدی | دووبارەبونەوە | بەشداری لە خولی ڕاگەیاندن |
|---|---|---|
| %٩٣,١ | ٩٤ | بەڵێ |
| %٦,٩ | ٧ | نەخێر |
| %١٠٠ | ١٠١ | کۆ |


DOI:https://doi.org/10.26750/Vol(7).No(2).paper30 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol.7. No.2, April.2020

ئەم پرسیارە زیاتر بۆ ئەوە کراوە بزانرێت ئاستی پرۆفیشناڵی و ئاگاداربوونی ڕۆژنامەنوسان لەبنەما پیشەیی و پرۆفیشناڵیەکانی کاری ڕۆژنامەگەری چەندە ،کە یارمەتی دەردەبێت لە بەکارهێنانی سۆشیاڵ میدیا بە هۆشیاریەکی میدیایەوە .

**هێڵکاری -٧- ڕێژەی وەڵامەکان بە پێی جۆری کارەکەی لەناو دەزگا**





**خشتەی ژمارە ٧ تایبەت بە جۆری کار لە نێو دەزگای ڕاگەیاندن بەرتوێژەکان**

| جۆری کار لە نێو دەزگای ڕاگەیاندن | دووبارەبونەوە | ڕێژەی سەدی |
|---|---|---|
| ڕۆژنامەنوس | ٧٩ | %٧٨,٢ |
| بەڕێوەبەر | ٢٢ | %٢١,٨ |
| کۆ | ١٠١ | %١٠٠ |

زانیاریەکانی ئەم هێڵکاریە جۆری کاری ڕۆژنامەنوسەکە لەناو دەزگاکەدا پیشان دەدات تاکو بزانرێت هەموویان کاری ڕۆژنامەنوسی دەکەن کە زۆرینەیان ڕۆژنامەنوسن بە ڕێژەی%٧٨ و ئەوانی تریش بەڕێوەبەری دەزگا ڕاگەیاندنەکەن ،کە هەر کاری ڕۆژنامەنوسی دەکەن.


DOI:https://doi.org/10.26750/Vol(7).No(2).paper30 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol.7. No.2, April.2020

**هێڵکاری -٨- ڕێژەی وەڵامەکان بە پێی مێژووی ئەزموونی کارکردنی لە ڕاگەیاندن**





**خشتەی ژمارە ٨ تایبەت بە ئەموونی کارکردنی بەرتوێژەکان**

| ئەزمۆنی کارکردن | دووبارەبونەوە | ڕێژەی سەدی |
|---|---|---|
| کەمتر لە پێنج ساڵ | ٢٤ | %٢٣,٨ |
| زیاتر لە پێنج ساڵ | ٧٧ | %٧٦,٢ |
| کۆ | ١٠١ | %١٠٠ |

ئەم هێڵکاریە ئاستی ئەزموونی ڕۆژنامەنوسەکەمان بۆ دەردەخات ،کەزۆرترینیان سەروو ٥ ساڵ ئەزمونیان هەیە بە ڕێژەی %٧٦,٢ وئاستی دوەمیش ڕێژەی %٢٣,٨ کە ئەوانیش ئەزمونیان هەیە لەکاری ڕۆژنامەنوسیدا ،بوونی ئەزموونی کاری ڕۆژنامەنوسی بەهایەکی زیاتر دەدات بۆ بەکارهێنانی سۆشیاڵ میدیا.


**DOI:https://doi.org/10.26750/Vol(7).No(2).paper30 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol.7. No.2, April.2020**

### هێڵکاری -٩- ڕێژەی وەڵامەکان بە پێی جۆری خاوەندارێتی کەناڵەکە کاری تێدادەکات





### خشتەی ژمارە ٩ تایبەت بە خاوەندارێتی کەناڵی بەرتوێژەکان

| خاوەندارێتی کەناڵ | دووبارەبونەوە | ڕێژەی سەدی |
|---|---|---|
| حکومی | ٦ | %٥,٩ |
| حیزبی | ٥٢ | %٤٢,٦ |
| کەرتی تایبەت | ٤٣ | %٥١,٥ |
| کۆ | ١٠١ | %١٠٠ |

زانیاریەکانی ئەم هێڵکاریە جۆری خاوەنداریەتی ئەو کەناڵە ڕاگەیاندنە پیشان دەدات کەکاری تێدا دەکات کە ڕێژەی زۆریان ڕۆژنامەنوسی دەزگای ڕاگەیاندنی کەرتی تایبەتن ،دوای ئەویش ٤٢,٦% حیزبین و پلەی سێیەمیش حکومیە،ئەمەش واقعی هەرێمی کوردستانە، کە میدیای حکومی بوونی زۆرکەمە هەردوو جۆری حیزبی وکەرتی تایبەت قۆرخی ژینگە میدیایەکەیان کردوە .


DOI:https://doi.org/10.26750/Vol(7).No(2).paper30 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol.7. No.2, April.2020

**هێڵکاری –١٠– ڕێژەی وەڵامەکان بە پێی ئەوەی ئایا تۆڕی کۆمەڵایەتی بەکاردێنێت؟**





**خشتەی ژمارە ١٠ تایبەت بە بەکارهێنانی تۆری کۆمەڵایەتی بەرتوێژەکان**


| بەکارهێنانی تۆری کۆمەڵایەتی | دووبارەبونەوە | ڕێژەی سەدی |
|---|---|---|
| بەڵێ | ١٠١ | %١٠٠ |
| نەخێر | ٠ | %٠ |
| کۆ | ١٠١ | %١٠٠ |

ئەم پرسیارە بۆ ئەوە بوە تا چەندە تۆری کۆمەڵایەتی یاخوود سۆشیاڵ میدیا بەکاردێن کە % ١٠٠ بە بەڵێ ڕێژەکەیەتی.


DOI:https://doi.org/10.26750/Vol(7).No(2).paper30 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol.7. No.2, April.2020

**هێڵکاری -١١- ڕێژەی وەڵامەکان بە پێی جۆری ئەوئەپلیکەیشنانەی گفتوگۆو تۆڕەکۆمەڵایەتیە بەکاری دێنێت**





DOI:https://doi.org/10.26750/Vol(7).No(2).paper30 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol.7. No.2, April.2020


**خشتەی ١١ ژمارە تایبەت بە جۆری ماڵپەڕی بەکارهاتوو بەرتوێژەکان**

| جۆری ماڵپەڕ | دووبارەبونەوە | ڕێژەی سەدی |
|---|---|---|
| یوتیۆب | ٢٧ | %٩,٤ |
| سناپ چات | ١٦ | %٥,٦ |
| واتسئاپ | ٤١ | %١٤,٣ |
| لێنکیدن | ٤ | %١,٤ |
| ئینستگرام | ٥٠ | %١٧,٤ |
| تویتەر | ٢٤ | %٨,٤ |
| فەیسبووک | ١٠٠ | %٣٤,٨ |
| مایسپەیس | ٠ | %٠ |
| تیلیگرام | ٢١ | %٧,٣ |
| هیتر | ٤ | %١,٤ |
| کۆ | ٢٨٧ | %١٠٠ |

ڕێژەی وەڵامەکانی ئەم هێڵکاریە بۆ ئەوەیە بزانرێت کام جۆری سۆشیاڵ میدیا و ئەپلیکەشنی گفتوگۆ بەکاردەهێنێت ،فەیسبوک ڕێژەی بەرزترینە، دوای ئەویش ئینستاگرام، واتساب پلەی سێیەمە ،لەکاتیکدا هەموو جۆرەکانی تریش بە ڕێژەی جیاواز بەکارهاتوون، واتە زۆربەی جۆرەکانی سۆشیاڵ میدیا بەکاردێن لەلایەن ڕۆژنامەنوسانی کوردستانەوە،کە ئەویش بەهۆی ئەوەی زانیاریەکانی پەتای کۆڤید ١٩ بە ڕێگەی جۆراوجۆر بڵآودەکرێنەوە لەم ماوەیەدا .


DOI:https://doi.org/10.26750/Vol(7).No(2).paper30 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol.7. No.2, April.2020

### هێڵكاری -١٢-ڕێژەی وەڵامەکان بە پێی کاتەکانی بەکارهێنان لەکاتی کۆڤیدی ١٩





### خشتەی ١٢ ژمارە تایبەت بە ماوەی بەکارهێنانی ماڵپەڕی کۆمەڵایەتی لە کاتی کۆرۆنا لەلایەن بەرتوێژەکان

| ماوەی بەکارهێنانی ماڵپەڕی کۆمەڵایەتی لە کاتی کۆرونا | دووبارەبونەوە | ڕێژەی سەدی |
|---|---|---|
| ١-٣ کاتژمێر | ١٩ | %١٨,٨ |
| ٣-٤ کاتژمێر | ٤٠ | %٣٩,٦ |
| زیاتر لە پێنج کاتژمێر | ٤٢ | %٤١,٦ |
| کۆ | ١٠١ | %١٠٠ |

ئەم پرسیارە بۆ بەراوردی کاتی بەکارهێنانی سۆشیاڵ میدیایە لەکاتی پەتای کۆڤید ١٩ تاکوبزانرێت جیاوازی کردوە لە ڕێژەکەی بەبەراورد بەکاتی پێش کۆرۆنا ، کە ماوەی زیاتر لە ٥ کاتژمێر بەرزترین ڕێژەی هێناوە،کەئەمە کاتێکی زۆرە کە بەکارهێنەری سۆشیاڵ میدیا زیاتر لە ٥ کاتژمێر لەگەڵ جۆرەکانی سۆشیاڵ میدیا کات بەسەربەرێت .


DOI:https://doi.org/10.26750/Vol(7).No(2).paper30 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol.7. No.2, April.2020

**هێڵکاری -١٣- ڕێژەی وەڵامەکان بە پێی کاتی بەکارهێنان لەپێش پەتای کۆڤید١٩**





**خشتەی ژمارە ١٣ تایبەت بە ماوەی بەکارهێنانی ماڵپەڕی کۆمەڵایەتی بەر لە کاتی کۆرۆنا**


| ماوەی بەکارهێنانی ماڵپەڕی کۆمەڵایەتی بەر لە کاتی کۆرۆنا | دووبارەبونەوە | ڕێژەی سەدی |
|---|---|---|
| کەمتر لە ١ کاتژمێر | ٨ | %٨,١ |
| ١-٢ کاتژمێر | ٢٩ | %٢٩,٣ |
| ٣-٥ کاتژمێر | ٣٧ | %٣٧,٤ |
| زیاتر لە ٥ کاتژمێر | ٢٧ | %٢٥,٣ |
| کۆ | ١٠١ | %١٠٠ |


زانیاریەکانی ئەم هێڵکاریە جیاواز لە هێڵکاریەکەی پێشوو کاتەکانی بەکارهێنانی سۆشیاڵ میدیا لای ڕۆژنامەنوسان پێش هاتنی پەتای کۆرۆنا دەردەخات کە زۆرترین لەنێوان ٢-٥ کاتژمێر بوە ،١-٢ کاتژمێر پلەی دوەمی بەدەست هێناوە، سەروو ٥ کاتژمێر پلەی سێیەمی بەدەست هێناوە ،لەکاتێکدا لە کاتی کۆڤیدی ١٩ سەروو ٥ کاتژمێر پلەی یەکەم بوە وەک لە هێڵکاری ژمارە١٢ هاتوە .


DOI:https://doi.org/10.26750/Vol(7).No(2).paper30 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol.7. No.2, April.2020

## هێڵکاری -١٤- ڕێژەی وەڵامەکان بەگوێرەی مەبەستەکانی بەکارهێنان





DOI:https://doi.org/10.26750/Vol(7).No(2).paper30 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol.7. No.2, April.2020

**خشتەی ژمارە ١٤ تایبەت بە هۆکاری بەکارهێنانی تۆڕەکۆمەڵایەتیەکانی بەرتوێژەکان**

| هۆکاری بەکارهێنانی تۆڕەکۆمەڵایەتیەکان | دووبارەبونەوە | ڕێژەی سەدی |
|---|---|---|
| دەستکەوتنی زانیاری بۆ کاری رۆژنامەنوسی | ٦٩ | %٢٣ |
| پەیوەندی لەگەڵ هاورێ و خزم | ٣١ | %١٠,٣ |
| پڕکردنەوای کاتەکانم و کاتبەسەربردن | ٢٢ | %٧,٤ |
| ئاگەداربوون لە بریارەکانی حکومەت | ٣٧ | %١٢,٤ |
| زانیاری لەسار جیهان و هەوالەکانی | ٤٠ | %١٣,٣ |
| دەستکەوتنی زانیاری لەسەر ڤایرۆسی کورۆنا کۆڤید١٩ | ٣٨ | %١٢,٦ |
| کڕینی کەلوپەل لەرێگەی ئۆنلاینەوە | ٠ | %٠ |
| پەیوەندیکردن بە دەزگاکەم | ٣٤ | %١١,٤ |
| ئاگەداربوون لە بریارەکانی تایبەت بە رۆژنامەنووسان | ٢٩ | %٩,٦ |
| کۆ | ٣٠٠ | %١٠٠ |

مەبەستی بەکارهێنان یەکێکە لەو زانیاریانەی کە ڕەفتاری بەکارهێنانی بەکارهێنەرانی سۆشیاڵ میدیا دەردەخات،بۆیە ئەم زانیاریانەی ئەم هێڵکاریە پیشانمان دەدات کە ڕۆژنامەنوسەکان بۆچی بەکاری دێنن؟ وەک دەبینین ،دەست کەوتنی زانیاری بۆ کارەکەیان پلەی یەکەمی بەدەست هێناوە،واتە وەک سەرچاوەیەکی هەواڵ و زانیاری بەکاری دێنن،دوەمیش بۆ زانیاری وەرگرتن لەسەر جیهان،بۆدەست کەوتنی زانیاری لەسەر پەتای کۆڤید ١٩ پلەی نزیک لەدوەمی بەدەست هێناوە ،بۆ مەبەستی کات بەسەربردن کەمترین پلەی بەدەست هێناوە ،مەبەستەکانی تریش ڕێژەیان بەدەست هێناوە بەکەمتر لەمانە .


DOI:https://doi.org/10.26750/Vol(7).No(2).paper30 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol.7. No.2, April.2020

**ئەنجام** :

١-بەکارهێنانی سۆشیاڵ میدیا لای رۆژنامەنوسان مەبەستە سەرەکیەکەی بۆ دەست خستنی هەواڵ و زانیاریە ،واتە وەک سەرچاوەی هەواڵ و دەستخستنی زانیاری بەکاری دێنن.

٢-لەکاتی پەتای کۆڤید ١٩ ئاستی بەکارهێنان بەرزبوەتەوە وەک لە پێش هاتنی پەتاکە، لەکاتێکدا لە پێش هاتنی پەتای کۆڤید ١٩ بەکارهێنانی سۆشیاڵ میدیا لای رۆژنامەنوسان سەروو ٥ کاتژمێر پلەی رێژەی سێیەمی وەڵامەکانیان بوە،لەکاتی هاتنی پەتاکە سەرو ٥ کاتژمێر بەکارهێنانی سۆشیاڵ میدیا رێژەی بەرزو یەکەمی وەڵامەکانیان بوە.

٣-بەکارهێنانی سۆشیاڵ میدیا بۆ دەستخستنی هەواڵ لەسەر کۆڤیدی١٩ بە پلەی سێیەم هاتوە لەمەبەستی بەکارهێنانەکەیان لەنێوان ٩ هۆکاری بەکارهێنان ،ئەمەش ئەوەدەردەخات کە پەتای کۆڤید ١٩ هۆکارو رەفتاری بەکارهێنەرانی سۆشیاڵ میدیای گۆریوە لە ئاست و مەبەستی بەکارهێنان.

**پێشنیار:**

١-توێژینەوەی زۆرتر و قوڵ تر بکرێت لە سەر پەتای کۆڤید ١٩ و سۆشیاڵ میدیاو بەکارهێنان و رۆڵەکانی.

# The Impact of COVID- 19 on Social media user behavior and their usage level: The Kurdish Journalist as a Case

**Nazakat Hussein Hama saeed**

Media department, College of Humanities, University of Sulaimani , Sulaimani, Kurdistan Region, Iraq.

E-mail: nazakat.hamasaeed@univsul.edu.iq

**Hakim Othman Hameed**

Technical media department, Technical college of Administration, Sulaimani Polytechnic University, Sulaimani, Kurdistan Region, Iraq.

E-mail: hakim.othman@spu.edu.iq

**Abstract:**

This study relies on an online questionnaire survey paper, The aim of the study is to Carry out

that during coronavirus and lockdown which causes people to stay at home and prevent them to get outside. “Who lost their jobs temporarily because of covid-19?” how impacted on social media user behave and their level of using .Dose being online for most of the aspect of life made journalists to use social media more than ever before. This paper focused on Journalists, because they are more intelligent to use social media and much more need to use social media regarding their jobs. For this purpose, this paper use survey method to collect data sample size which is 101 journalists

101 form being returned and responded by the Journalists from all of Kurdistan Region governess, and all type of media organization such as printer ,digital and broadcast media .So that gain the answer, do the Journalist behave and their level of using social media being changed when compared coronaviruses time and before coming this crisis .

**Keywords:** COVID-19 , Behavior ,Social Media, Journalist.

## سەرچاوەکان:

Ahmed,R.l. (2011)Social Media Marketing. Information Resources Management Association(USA).

Alex Gevers (2020) Coronavirus pandemic and online behavioural shifts. [Online] Available from: https://www.comscore.com/Insights/Blog/Coronavirus-pandemic-and-online-behavioural-shifts?fbclid=IwAR0hefTna9wOI6ukJbrHBW5ya9zefNWA1A3LsuJLPhjkaSeqZgnRzBxTD0Y . (Accessed: 10 March 2020).

Amy Watson (2020),Consuming media at home due to the coronavirus worldwide, by country.[Online] Available from: https://www.statista.com/statistics/1106498/home-media-consumption-coronavirus-worldwide-by-country/ (Accessed: 4April 2020).

Anneliese D. Emilie K., Raman P., Annelies W., Heidi L. (2000) The pandemic of social media panic travels faster than the COVID-19 outbreak. Centre Virchow-Villerme, Paris, France.

Barbie Zelizer(2020), Definitions of Journalism. DEPARTMENTAL PAPERS (ASC).

Bryan Segal (2020) Coronavirus Crisis is Dramatically Impacting Digital Media Consumption in Canada. [Online] Available from:https://www.comscore.com/Insights/Blog/Coronavirus-Crisis-is-Dramatically-Impacting-Digital-Media-Consumption-in-Canada?fbclid=IwAR3FT8LzuJgB_wn3kGDGDs1NdSncOhApIlEIbLQmykssnnG2la1QwnFV-0w. (Accessed: 28 March 2020).

Digital Information World (2020) The Coronviruos PandamicWill increase Social media Usage. [Online] Available from:https://www.digitalinformationworld.com/2020/03/66-percent-of-



DOI:https://doi.org/10.26750/Vol(7).No(2).paper30 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol.7. No.2, April.2020

consumers-expect-their-social-media-consumption-to-increase-during-coronavirus-confinement.html?fbclid=IwAR3FT8LzuJgB_wn3kGDGDs1NdSncOhApIlEIbLQmykssnnG2la1QwnFV-0w (Accessed: 3March 2020).

James Seligman(2020) MARKETING IMPLICATIONS AND RESPONSE TO THE.[Online] Available from: https://www.researchgate.net/publication/339948474_MARKETING_AND_RESPONSE_TO_THE_COVID_19_VIRUS(Accessed: 18April 2020).

Firdous,A.Sumesh,S. Dadwal,N.Vipin,K. (2018) Social Media Marketing. Hershey, Pa : Business Science.

GlobeNewswire (2020)66% of Social Media Consumers Expect Their Social Media Consumption to Increase During Coronavirus Confinement. [Online] Available from: https://finance.yahoo.com/news/66-social-media-consumers-expect-183010569.html . (Accessed: 10 March 2020).

Said Nadeem (2020),CORONAVIRUS COVID-19: AVAILABLE FREE LITERATURE PROVIDED BY VARIOUS COMPANIES, JOURNALS AND ORGANIZATIONS AROUND THE WORLD JOURNAL OF ONGOING CHEMICAL RESEARCH.[Online] Available from: Available from: (Accessed: 15April 2020).

مريم نريمان نومار (2012) استخدام مواقع الشبكات الاجتماعية وتأثيره في العلاقات الاجتماعية دراسة عينة من مستخدمي موقع الفايسبوك في الجزائر, جامعة الحاج لخضر.

د.نەزاکەت حسێن (2019) سۆسۆلۆژیای ڕاگەیاندن ،سلێمانی، چاپخانەی کارۆ



**DOI:https://doi.org/10.26750/Vol(7).No(2).paper30 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol.7. No.2, April.2020**